
# ئیبن وەراق
# سکۆلاری روو بزر

***دیدار مەسیفی***
dmasifi289@yahoo.ca




لە ئیبن وەراق بترازێ ئەمرۆکە بیرمەندێک لە دونیادا نیە کە خاوەن چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە بێت، کەچی وێنەکەی بە ئاسانی لە چ کون و قوژبنێک دەست نەکەوێت. ئەو پیاوە شەست وسێ ساڵیە کەم خۆی دەداتە بەر کامیرا، زۆر ناچێتە قەرەباڵغی، بەڵام ئەگەر ناچار بوو لە سیمیناره تایبەتیەکاندا دەرکەوێت ئەوا بە کتێبێک رووی دادەپۆشیت، بە دەنگێکی خامۆش لەگەڵ دەوروپشتی قسە دەکات، هەروەها هەردەم چەند تاڵە موویێکی پۆڕی بە زەرد بۆیە دەکات بەڵکو کەمێک سیمای کەسێکی موزەردی رۆژئاوایی پێدەدات.

ئەوانەی لە نزیکەوە ئەو پیاوەیان دیوە و گوێیان لە لێکدانەوە بوێر و والآکانی بووە سەبارەت بە ئاین و مێژوو و سیاسەت کەسانێکن لە ئەمریکا لە لوتکەی دەسەلاتن، وەک سەرۆک، بازنەیەکی تەسک لە ناو سی ئای ئەی و پێنتاگۆن. بەڵام ئەو لە ترسی رەخنە و ناو و ناتۆرەی خەڵک، ئەوەندەی نموونە بە کەسانی وەک چامسکی و سەعید و لویس دەهێنێتەوە کەمتر ناوی بۆش و بن لادن و بلێر دێتە سەر زاری.

بە کورتی ئەو پێیخۆش نیە داشێک بێت لە گەمەی سیاسەت. ئیبن وەراق فەیلەسوف و سکۆلارێکی بە رەگەز هیندییە و لە بنەماڵەیەکی موسلمان لە ساڵی شەڕ و هەرای دروست بوونی پاکستان لە دایک بووە. لەم ساڵەوە بە دواوە کۆچکردن بووە بە ناسنامەی ئەو و رەتکردنەوەی ئاینی ئیسلامیش بە تاکە پرینیسپل و پەیام.

ئەو سەرەتا لە زانکۆی ئەدینبرە لە ژێر دەستی پرۆفیسۆری ئیستشراقی بەناوبانگ مۆنتیگمری وات دەخوێنێت. وات سەرباری پلەیی ئەکادیمی مینستەرێکی مەسیحی هاوسۆز لەگەڵ ئاینی ئیسلام بوو و چەندین کتێبی لە بوارە نوسیوە. بۆیە بۆ ئیبن وەراق رەخنەگرتن لە مامۆستاکەی خێراترین رێگا و باشترین هەڵبژاردن بوو بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ پەیامەکەی بکات و تێزی بروانامەکەی بە رەخنەگرتنی توند لە ئەو پێشکەش بە زانکۆ بکات. دواتر هەست دەکات بۆ ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر لەسەر ئاینی ئیسلام هەر مۆنتیگمری وات بەس نیە، بەڵکو ئەو دەبێت زمانی عەرەبی بۆ ئەو مەبەستە بخوێنێت.

ئیبن وەراق بەرلەوەی وەک سکۆلار و ئەکادیمێکی بەناوبانگ دەرکەوێت چەندین کاری جیاوازی کردووە، لە لەندەن مامۆستای ناوەندی بووە، لە پاریس چێشتخانەیەکی بووە، لە ئاسیا و ئەفریقیا لە نوسینگەکانی گەشت و گوزار کاری کردووە، تا ئەو کاتەی بەرەو ئەمریکا کۆچ دەکات، ئەو شوێنەی کە دوور لە پێشبینیەکانی ئەو هەموو شتەکان تێیدا بە خێراییێکی بێوێنە گوزەر دەکەن.

ئیبن وەراق ئێستاکە لە شوێنێکی نادیاری ئەو ولاتە زەبەلاحەدا دەژی و لەوێ زیاتر لە هەشت کتێب و سەدان لێکۆڵینەوە و وتاری دژ بە ئیسلام نوسیوە، کە بەناوبانگترینیان { بۆ من موسلمان نیم؟ }

ئیبن وەراق سەرەرای بانگەشە کردن و مانیفستۆ دەرکردن بۆ بنیات نانی پلاتفۆرمێک دژ بە ئیسلام، رەخنەگرێکی توندی فەلسەفەی ئیستشراقیشە و چەندین ووتاری دەرباری تێزەکانی ئێدوارد سەعید نوسیوە. وە هەر حەفتەیەک دوایی مەرگی ئەو بیرمەندە، ئیبن وەراق بە ووتارێکی بە پەلە مەرگی فەلسەفەی ئیستشراقی راگەیاند.

لەم نزیکانە ئیبن وەراق بە کتێبێکی تازەوە بە ناوی { پاریزگاری کردن لە رۆژئاوا } لە هەموو کاتێکی توندتر و سەرگەرمتر بەرامبەر ئاینی ئیسلام و فەلسەفەی ئیستشراقدا دەوەستێت و رەخنەیان لێدەگرێت.

دوا ووشە ئەوەی لە تەواوی کتێب و لێکدانەوە و بانگەشەکانی ئیبن وەراق دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئایا ئەوەی ئەم سکۆلارە تورەیە سەبارەت بە ئیسلام و ئیستشراقدا نوسیوەیەتی و دەیڵێت راستن، یان هەوڵەکانی ئەویش وەک کتێبە فەلسەفیەکی

**فۆکۆیاما زرنگی رۆژئاوایە لە مامەلەکردن بە ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە و بیر!** .